# خولقاندنی بی ئاووی لەناوچەکەدا کارەساتیکی سروشتی نی یە بەلکو بە کارهینانی چەکە دژ بە دانیشتوانی ناوچەکە

پڕۆگرامی ڕووتکردنەوەو زەلیل کردنی زیاتر و هەمیشەییی دانیشتوانی ناوچەکەیە...چەکی مل کەچکردن و سەرشوڕکردن و لەناوبردنی دانیشتوانە... بەکارهێنانی هێزە لە لایەن دەسەڵاتداران و پارەدارەکانی ناوچەکە وەو هاو بەرژەوەندیەکانیانەوە دژ بە بوونی مرۆیی‌و زیندوو لە ناوچەکەدا

جگە لەمەش، ئەم پڕۆگرامە دڕندەیە، ئەم تینوو کردن و خنکاندن و هەڵکەندنەی دانیشتوان، بە شیکە لەدەسەڵات و سەرکوتکردنی گشتی دەوڵەت، لە پاڵ تاوانەکانی گرانی و نەبوونی و دەست بەسەری و ناجاری و بی دەرامەتیەکانی تری ئەمرۆدا، لە پاڵ دیکتاتۆریەتی پزیشکی و دەست بەسەریەکانی دا، بەشیکە لەو جەنگەی کە دەوڵەت، لەم سەردەمەدا و لەسەر ئاستی سەرتاپای کۆمەڵ ، ڕایانگەیاندووە دژ بە بوونی مرۆڤایەتی، لە هەموو شوینیک و لە هەموو ڕووەکانیەوە (بڕوانە بڵاوکرەوەکانمان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ئەم دیکتاتۆریتە جیهانییەی سەرمایە)

ئەم بی ئاوویی و هەڵکەندن و ڕووتکردنەوەو بی دەرامەتی کردنە، هەر ئەوە نی یە کە تینوویيەتنەکی بەربڵاو بڵاو بکاتەوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دانیشتوان و سەرچاوەکانی ئاو ببڕیت، کە ناچاریان بکات ئاوو بکڕن و گریفانیان ڕووتکا تەوە لە ڕیبی بازرگانی ئاوەوەوە. نەخیر. زۆر زۆر لەوە زیاترە. **پڕۆگرامی کۆنتڕۆڵ کردنە. پڕۆگرامی ووشکرنەوەی ژیان و ڕووتکرنەوەەکی سەرتاپایی ژیانە** لەو ناوچانەدا کە بەر ئەم شاڵاوە ئەکەون، یان پێوەی بەستراونەتەوە

دووینی گرتنەوەی نان، کارەبا، قەدەغەکرنی هاتووچۆ، دووبەرەکی نانەوە، بەرگرتن بە کۆمەکی یەک کردن، بە دەست گیر بوون لە بەروبوومی سرووشتی بە بێ پارە، یان پارەیەکی کەم.. بوو. ئەمڕۆش گرتنەوەی ئاوو ووشککردنی زەوی و زار و بڵاوکردنەوەی تینیوتییەکی سەرتاپاییە( مرۆڤ، زەوی و زار، ڕووەک و گیانەوەرە دەرياییی و سەرزەوويەکان ، باڵندەکان، ئاوو هەوا...). ئەمەش هێرشێکی بەربلاوی دەسەڵاتە دژ بە بوونی زینددووی ژیان لە سەر هەموو ئاستەکان . لە پێش هەموانەوە تینووکردن و زەلیلکردن و و نەخۆشخستن و لە ناووبردنی هەموو ئەوانەیە کە بی پارەن و ژیانیان پی دابین ناکریت بەپیی گۆڕانکاریە فەرزکراوەکانی ئەم سەردەمەی دەوڵەت. ئینجا هەڵکەندن و داڕووتانی هەموو ئەوانەشە کە تا ئیستا دەستیان بە ئاوو و زەوی دا گەیشتووە و پەیوەندیەکی راستەوخۆیان هەبووە لە گەڵ سروشتی دەوروبەریاندا( ئاو هەوا، ماسی گرتن، کشتووکاڵ، مەڕو ماڵات....)، کە ئەم پەیوەندیە زیندووە بەشیک بووە لە سەربەخوییی و دابینکرنی ماددی ژیانی خانەوادەییان. کە کشتووکاڵیان پی کراوەو و درامەتی خۆیان بەوە دابین کردووە و بەررگری ژیانیان لە زەلیل بوون پی کردووە( لە ووڵاتی هندستان ئەم ڕووتکردنەوە و برسکردنە زۆر بە خەستی لە دەستدرێژی کردندایەو بەرپەرچدانەوەی بەردەوامیش بە ڕووی دا). ئەم پڕۆگرامەی دەوڵەت لە هەموو شوێنەکان بۆ ئەوە یەکەی هەم ئەم جۆرە لە ئابووری نەهیڵن و تەنها سەرچاوەی ماددی ژیان لەویوەبیت کە کۆمپانیا گەورەکان بریاری جیهانی

لەسەر ئەدەن و بازرگانەکانی پارە ش مامەڵەی پیوە ئەکەن. هەم تا دییت زیاتر و زیاتر ئاوو و زەوی و بوارەکانی بەرهەم هێنان و هەناسەدان لەدەست دانیشتوان دەرهێنن و دووری خەنەوە. کە جگە لە پاردەدرا و دەسەڵاتدار، کەسی تر نەتوانیت توخنی بکەویت. بەمەش زەلیلی و کۆیلایەتی و بی سەرچاوەییی ژیان بە ئاستیک بڵاوبکەنەوە لە کۆمەڵدا کە هەم لە ڕابردوودا نە بیستراوە، و هەم بۆ نان و ئاوو پچین بە ئاسماناو فریای هیچی تر نەکەویین. ئەوانیش لە سەرەوە بسکەی سمڵیان بیت. ببنە خاوەنی خۆمان و ماڵ و مناڵ و ئەوەی هەمانە و نیمانە. لیرەشەوە بریاری کۆیلایەتی و مان و نەمانمان بدەن. لە ڕیی ئەم دەسەڵاتەیانەوە، یاری و نویژ و قومار بە خۆمان و ماڵ و مناڵمانەوە بکەن

بەڵی ئەم بی ئاوییە پلانی دەسەڵاتدارانە، وبریتی یەلە چەکی
کۆنترۆڵکردنی درێژخایان. ئەو چەکەی کە ئەو توانایەیان ئەداتی کە کەی وویستیان و بو هەر مەبەستێک بیانەوێ بەکاری بینن. ڕاوی ژیانی دانیشتوانی پی ئەکەن. بی ئاوی بەکاردینن بۆ زەلیل کردن و رووتکردنەوەی گشتی و بە تایبەتی بۆ دەستگرتنیان بەسەر بوارەکانی ژیان و توانا مادییەکانی بەرهەم هێناندا، بۆ ڕووتکردنەوەی بەرهەم هێنەرە راستەوخۆکان لە تواناکانی بەرهەم هێنان و ژیان و ئەو سەربەخۆییەی بۆی دابین کردوون. بۆ داماڵینی مرۆڤەکانە لە ووزە و بوارەکانی ژیان. بەبی ئاوو چی لە ژینگە ئەکەییت؟! لییی دوور ئەکەویتەوە! ئەوانیش ئەوەیان مەبەستە! چی لە زەوی ئەکەییت؟! بەتاڵان ئەیفرۆشیت بە پارەو بە پارەکەشی ئاوو دەرمانی ئەکڕییت. ئەوانیش ئەوە یان مەبەستە! بی ئاویی و گرانی خۆیان دروستیان کردووە. ئاوو و دەرمانەکەش هەر خۆیان ئەیفرۆشن. لە دوو سەرەوە ڕووتکردنەوە ئەکەن. بە هەردوو سەرکەش ژیان تیک ئەدەن، مرۆڤ دەست بەسەر ئەکەن و پارەی لێ کۆ ئەکەنەوە. ئەمە تاوان و ڕاووڕووتکرنەوەیە. بە مەبەستی سەرشۆرکرن و زەلیل کردن و دەست پیاهێنان و رووتکردنەوەی کۆمە ڵە. بەڵام تاوانێک و راووتوکردنەوەیەکی کاتی و داپڕاو نی یە. نەخیر. بە هاوکاری دەسەڵاتی نیودەوڵەتی چنراوەو سەر بە شاڵاویکی هەمە لایەنەو لە کۆتاییی نەهاتووی جیهانیە. تا ئەو کاتەی کە ئێمە، چەوساوەکانی جیهان، خاوەن پیویستی و هەست و هۆشی مرۆییی، بەر پەرچی سەرجاوەو بەرپرسەکانی ئەم تاوانانە ئەدەینەوە. تا ئەوکاتە ئەم دەستدرژی کەرانە ،نە لە تاوان و ڕوووروووتەکانیان ئەوەستن و نە خاویشی ئەکەنەوە. تا بۆیان بلوی زیاتر دەستدریژی ئەکەن. بڕوانە ناوچەکانی، بیرووت، بەسرە، ئەهواز، تاران، ، سوریا، تورکیا، هندستان، کوردستان، ئەفەریقا، ناوچەکانی ئەمەریکای لاتین، ناوچە چەساوە نشینەکان لە ئەمەریکا... تا دەگات بە شوێنەکانی تر .
ئەتوانی زینجیرەی تاوانەکان و دەستدریژی کردنەکان بە روونی ببینی. ئەتوانی زۆر بە ڕاستەوخۆیش سەرچاوەو بەرپرسەکانی ئەم جەنگەی ڕووت کرنەوەو سەرشۆڕی و لەناوبردنەی دژ بە ژیان و مرۆڤەکان دەست نیشان بکەییت.
دەوڵەت و خاوەن پارە و دەسەڵاتدارەکانن، و لە ڕیی حکومەت و حیزب و دامودەزگاکانەوە، ئەم تاوانانە بەڕیوە ئەبەن. بە هەمووشیان لە دەسکەوتەکەی ئەخۆن
هەر پارەدارەکانن و دەسەڵاتدارەکانن کە ئەو توا نایانەیان هەیە کە زەوی و زار کۆکەنەوە، شورای بۆ بکیشن و بە یاسا و هیز بیپاریزن, و بەکاریشی نەهینن, یان جۆن لە بەرژەوەندیان بوو ئاوای لی بکەن!! ئامرازەکانی ئاوو دەرهێنان بێنن ، جادەی تاییبەتی لێ بەن، پڕۆژە تایبەتیەکانیان دامەزرێنن... هەر ئەوانن کە بوون و دەسەڵات و حسابی بانقیان و بەرژەوەندیەکانیان، بە بازاڕو دەسەڵات و پەیوەندی

نیودەوڵەتیەوە گری دراوە، و لەویشەوە مامەڵە ئەکەن، نەک لە پیویستی ژیانی دانیشتوانەوە. پیویستی دانیشتوان، و دەسەڵات و گیرفانی ئەوان لە بەربەرەکانی و دژایەتیەکی هەمیشەییی دان.
ڕووتکردنەوەو سەرشۆڕکردنی دانیشتوان، سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی گیرفان و بەهیزکردنی دەسەڵاتی ئەم چینەیە
بۆیە هەروەکو دوینی، هەروەکو هیزە چینایەتیەکەمان لە لوبنان، لە خوار و پایتەختی عێراق، لە کوردستان، لە ئەستەمبووڵ، لە پاریس، لە هۆنگ کۆنگ، جەندین جار لە شارەکانی ئیران، لە ناوچەکانی ئەمەریکای لاتین، لە هندستان، لە کۆنگۆ... بە کردەوەو بە دەنگیکی بەرز ووتی: هەمووتان دزن.
هەمووتان تاوان باران. نە شیعە و نە سوونی، نە ڕەش و نە سپی ...، نە ڕیفۆرم و نە هەڵبژاردن... دژ بە هەمووتان بەردەوامیین . نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی دوژمنی چەوساوەکانی جیهانە ئەمڕۆش هەمان خەبات بەردەوامە
ئیمەش وەک بەشیک لەم خەباتە هەم دەنگی خۆمان ئەخەینە ناو دەنگی پڕۆلیتاریا لە ناوچەکەدا دژ بەم تاوانانەی سەرمایەدارەکان، وە هەم بانگەوازی ڕانەوەستان بۆ ئەم تاوانبارانە دەکەیین. **بانگەوازی خۆ ریکخستنی ئەکەین بۆ بەرگری لە خۆکردن، بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدریژی کەران و تاوان بارەکان. خۆریکخستن بۆ ژیان، و وەک هیز بۆ ڕاپەڕینی گشتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ....**
**بەرەو بەرپەرچدانەوەی ئەم تاوانبارانە**
**بەرەو خۆڕیکخستن و دەست بەسەراگرتنی بوارەکانی ژیانمان**
**بەرەو خەباتی مرۆییی و ئینتەرناسیولیستی**
**بەرەو هاوکاری و هاوخەباتی و تەنسیقکردنی ناوچەوییی و ئینتەرناسیونالیستی**
...

لیرەدا
و لەم خەباتە ئینتەرناسیونالیستیەماندا بەیانیک بڵاو ئەکەینەوە کە لە لایەن هاوڕێیانی ئەم

خەباتەوە لە یەکیک لە زیندانەکانی ئیراندا ئامادەکراوەو دزەی کردووە بۆ دەرەوە و بڵاو کراوەتەوە

## بەڵگە نامەیەکی خەباتکارانە لە ئێرانەوە

## ”! "ئێمە لەوە دڵنیایین کە ئەم ڕاپەڕینە بە شۆڕش کۆتایی دێت

## we know that, this intifada ends in the revolution!

## " شەقامەکان سوورن بە خوێنی ئەو کەسانەی کە هاوار و داوای ژیان ئەکەن، و لە وەڵامدا جگە لە گولەباران کردن هیچی تریان پێ ناگات "

ئەم بەڵگە نامەیەی کە لێرەدا بڵاوی ئەکەیینەوە، کورتەی بەیان نامەیەکە، کە بە ئیمزای تێکۆشەرێکەوە لە یەکێک لە زیندانەکانی ئێراندا نووسراوە، و لە لایەن ئەنارکیستە فیدرالیستەکانەوە و لە سایتی لیب کۆمەوە بڵاو کراوەتەوە، ئێمەش لەوێوە وەرمان گرتووە..

ئێمە لێرەدا تەنها ئەو بەشەمان وەرگێڕاوە بۆ کوردی کە ناوەڕۆکی چینایەتی و ئاراستەی کۆمۆنیستی ئەو خەباتەی پرۆلیتاریا نیشان ئەدات کە ئەمڕۆ لە ئێراندا هەیە. ئەو خەباتە خوێناوییەی، کە بۆ چەندەهەمیین جار لە بیست ساڵی ڕابردوودا ، بە توڕیی و " ڕاپەڕین" دەستی پی کردووە و لە خەباتدایە بۆ بوونی بە شۆڕش!

ئەم بزووتنەوەیەی پرۆلیتاریا، ئەم تووڕیی و ڕاپەڕین و سوور بوونە شۆڕشگێڕیەی پرۆلیتاریا لە ئێراندا، هەروەکو توڕەیی و ڕاپەڕینەکانی تری دوێنێ و ئەمڕۆی پرۆلیتاریا لە سەر گۆی زەوی، هەر لە لوبنانەوە بۆ ئێران، بۆ کۆڵۆمبیا، بۆ عێراق، بۆ فەرەنسا، بۆ ناوچەکانی تر...، خەباتێکی ڕاستەو خۆ یە بۆ ڕزگارکردنی ژیان ، و دژ بەو دەسەڵاتەیە کە لە سەرگۆی زەوی مەرجەکانی ژیانی گرتووەو لەبری ژیان رووتانەوەو دەستبەسەری و زیندانی و کۆیلایەتی ئەسەپێنێت.

ئەم خەباتە چینایەتیەی پرۆلیتاریا لە ناوچە جۆراو جۆرەکاندا ، خەباتە دژ بە چەوساندنەوەی چینایەتی، بۆ ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداریە( بە هەموو حکومەتەکان و دام و دەزگاو ئایدیۆلۆجیەکانیەوە). ئەم خەباتانە، سەر بە بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریایە. پشتی لە کۆمەڵگای چینایەتی و ڕووی لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی یە. بۆ کۆتاییی پێهێنانی بوونی کۆمەڵگای چینایەتی یە. بۆ لەناوبردنی هەتا هەتاییی سیستەمی خاوەندارێتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و کەڵەکە بوونی پارەو دەسەلاتدارێتی پارەدارەکان و کۆیلایەتی مرۆڤایەتی لەهەموو ڕوویەکەوەو لەسەرتاپای جیهاندا. ئەو سیستەمە سەرمایەداریەی کە هەموو حکومەتەکان بەڕێوە ئەبات و فەرمانڕەواییی ئەکات، نەک بە پێچەوانەوە!

لە گولەبارانکردن و داپڵۆسینەکانی بیست ساڵی ڕابردووی پرۆلیتاریا لە بەسرە، پاریس، تاران ، بیروت ، هۆنگ کۆنگ، کۆنگۆ، هایتی، نیۆرک... بۆ شارەکانی ئەمەریکای لاتینی ... ئەو سیستەمەیە کە فەرمانڕەواییی ئەکات. سەرکردەو جەنڕاڵ و پسپۆڕ و سیاسی و پۆلیسەکانی ئەو سیستەمەن کە ئەو فەرمانڕەواییەی سسیتەمەکە، بە چەک، بە دیمۆکراسی، بە دین، بە پرۆپاگەندە، بە فیتنەنانەوە، بە تینو کردن و برسی کردن، بە دیکتاتۆریەتی پزیشکی... جێ بەجێ ئەکەن . ئەم فەرمانڕەواییە کە هەموو حکومەت و سوپا و دام ودەزگا و دڕندەییی و خوێنڕشتن و تاوانەکانیانی لەخۆ گرتووە، و بە هەموو

دەستەو تاقم و ئاڵا و عادات و دین و نەتەوەو ئایدیۆلۆجیەکانیانەوە بەڕێوەیان ئەبات. هیچ حکومەت و دام و دەزگاو خاوەنداریەتیەک لەدەرەوە و سەربەخۆ نی یە لەو فەرمانڕەواییەی سەرمایەی جیهانی ، زۆر بە پێچەوانەوە، بە هەموو عەباو عەمامەو جامانەو مشکی وبۆیمباغ وجلی ئاڵوواڵاو جۆراو جۆرەکانیانەوە، سەر بەهەمان چینی زاڵی جیهانیین و هەمان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەو پێکەوە فەرمانڕەوایی ئەکەن و دەسەڵاتی خاوەنداریتی و ڕووتانەوەو چەوسێنەرانەی سەرمایە جێ بەجێ ئەکەن. ئەوەی لە پڕۆلیتاریای ئەگرنەوەو ئەیبەن ئەیکەن بە سەرمایەو دەسەڵات و ئەمیش ئەڕێژەتەوە ناو کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵاتە جیهانیەکەی.

هەروەکو مێژوو لە ئێران، لە عێراق، لەڕوسیا، لە کوبا، لە چین، لە هەموو جیهاندا بە هەزارەها جار نیشانی داوە، کە گۆڕینی حکومەتەکان هیچ ، نە لەسیستەمەکەو نە لە چەساندنەوەی چینایەتی و نە لە تاوانەکانیان ناگۆڕێت، جگە لە پڕچەککردن دژە شۆڕش و بوژاندنەوەو ودرێژکردنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی ..

مێژوەکەمان نیشانی داوە کە پاشایەتی و کۆماری، مەرکەزی و فیدراڵی، ڕەش و سپی، زۆرییەنەی نێرینە یان مێینە، دینی و زانستی.... بەشێکە لە دەسەڵاتی جیهانی سەرمایە و لە چەوساندنەوەی چینایەتی و درێژکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی سەرمایەو خاوەنداریتی خۆبەتی، لەسەر تێکشکاندن و چەوساندنەوەو خوێنڕشتنی ئێمە، نەک ڕزگارکردن و ئازادی چەوساوەکان و ژیانیان!

ئەمڕۆ، هەزارەها شێوازی حکومی لە جیهاندا هەیە! لە کامیانا پڕۆلیتاریا ئازادە! ئەوەی بیەوێت ئەیکات! نا چەوسێنرێتە وە! برسی و مل کەچ نی یە! بە بەبێ ترسی سزادان و زیندانی و چاوکویرکردن و سەرنگوم کردن خەبات ئەکات! کەی و چۆن بیەوێت خۆی ڕێک ئەخات؟!! ئەمانە پڕۆپاگەندە و کاریگەری مێژوویی سۆشیال دیمۆکراتە لەسەر چەوساوەکان، بۆ ئەوەیە کە بە جیا جیا بمێننەوە، هەست بە بوونی چینایەتی خۆیان نەکەن ، هەرگیز یەک نەگرن، هەمیشە لە ژێر ئاڵای ئاینی و نەتەوەیی و دیمۆکراسی و تایبەت مەندی ناوخۆیی دەرنەچن و بە کۆیلەیی بمێننەوە!

بزووتنەوەکەمان و خەباتەکانی، بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی ژیان، بۆ ئازادی و بوونی مرۆیی، بۆ نەمانی چەوساندنەوە ...،هەر لە سەرەتایەوە تا کۆتاییی،هاتۆتە ئاراوە دژ بەو پەیوەندیە چەوساندنەوە چینایەتیە مێژووییەی کە سیستەمی سەرمایەی جیهانی پێکهێناوە، بە هەموو حکومەت و دامەزارو هێز و ئایین و ئایدیۆلۆجیەکانی یەوە .

تووڕەیی و هاوارەکانی پڕۆلیتاریا لە بەیروت و بەسرە و بە غداوە، بۆ تاران و خورمشارو ئەسفەهان ... بۆ شارەکانی هندستان و ئەمەریکای لاتینی ... ، تووڕەیی و هاواری چەوساوەکانە و بۆ دژایەتی کردنی چەوساندنەوە و ڕووتانەوەی چینایەتی و لەناوبردنی زۆرداری و دەسەڵاتدارێتی یە لەسەر ژیانیان. نەک بۆ گۆڕینی حکومەت و حیزب و پارلەمان و ئاین و نەتەوەکانیان!

گرتنەوەی ووزە، ئاو، خواردن، جووڵە، هەناسەدان.. لە پڕۆلیتاریا ، هەر ڕووتاندنەوەی پڕۆلیتاریانی‌یە ، بەلکو دەست بەسەری و سزادان و فەرماندانی لە ناوبردنیشیەتی( بەبرسێتی، بە گەرما، بەسەرما، بە پەک کەوتەیی، بە شێتی، بە دەرزی و داوو دەرمان.... ).. پڕۆلیتاریا هاتۆتە خەبات دژ بەم ڕووتکردنەوەو سزادان و جینۆسایدە!

له ئێراندا، له سەرەتادا ، دەوڵەت وویستی ئەم پرۆگرامە زۆرداری و زاڵمیەی خۆی بەو پڕوپاگەندانە حەشار بات ، کە ئەم بێ ئاویە ی ناوچەی ئەهواز، کێشەیەکی کاتی و تەکنیکیە و له چاکسازیکردن له ڕووباری گارون دا بۆ بەژەوەندی گشتی وە سەری هەڵداوە، و بەم زوانە چارەسەر ئەکرێت! پڕۆلیتاریا، لەوسەری ئەم گاڵتەجاڕیەوە هاتبۆوە! و لەبەرپەرچدانەوەی هەموو زۆرداری و تاوانەکانی دەوڵەتدا، له شارەکانی تری ئێران، هاتنە سەر شەقامەکان و دەست بەجێ هەمان دژایەتیان بۆ دەسەڵات ڕاگەیاند و هاوخەباتی چینایەتی خۆیان بۆ پڕۆلیتاریا له ناوچە تینوە کاندا نیشاندا. شەپۆلێکی تری خۆێناوی بزووتنەوەکەمان بۆ جارێکی تر له ئێراندا هاتەوە سەر ڕوو. شەپۆلێک کە وەک ئەم بەیان نامەیە پێمان ئەڵێت و تابلۆکانی بەربەرەکانێکان لەسەر شەقامەکانی ئێران دووپاتی ئەکەنەوە **"شەقامەکان سوورن بە خوێنی ئەو کەسانەی کە هاوار و داوای ژیان ئەکەن، و له وەڵامدا جگە لە گولەباران کردن هیچی تریان پێ ناگات "،" ئەم ڕاپەڕینە ئەکەیین بە شۆڕش ! "... هەرئێستا لەشارەکانی تاران، ئەسفەهان، تەورێز، زنجان پڕۆلیتاریای لە خەباتدا هاواردەکەن ، مەرگ بەر دیکتاتۆر، برون بیرون... شەوانە دێنە دەرەوە و دەست لە دەسەڵات ئەوەشێنن . لە شاری مەشهەد هەیکەلی "قاسم سولەیمانی "یان، کەرەمزی مقاوەمەو دەستی پۆڵاینی جەمهوری ئیسلامی بوو ، ئاگرداو لەدەوری وێنە سوتاوەکەی هەڵئەپەرین. هەر وەک و چۆن دوێنێ لە بیروت، بەسرە، کەربەلا،و بەغدا د، نەجەف هەمان کردار ڕووی دا... لە هەردوو وولاتی ئیران و تورکیا ، رۆژانە خۆپیشاندانی دژ بە زوڵم و زۆر بەر پا ئەکرێت. لەتورکیا لەشاری ئەدەنە بە سەدەها لە دوکان و محەلی بازرگانیەکان تاڵان کران . ...**

لەم بزووتنەوە ئینتەرناسیونالیستی و دژایەتیە چینایەتیەوەیە، کە لەهەر بەشێکی نەبوونی ژیانەوە دەست بەخەبات بکەیین، لە هەر ناوچەو شارێکدا هاوار بکەیین، خەباتەکەمان بۆ لە ناوبردنی ئەو چەوساندنەوە چینایەتی و زۆرداریەیە کە ئێمەی زەوت کردووە، گاڵتە بە ژیانمان ئەکات، کردووینی بە کۆیلەو برسی و تینومان ئەکات. توڕەیی و هاوارەکانمان تەنها هاواری تینوەتی و داواکردنی نان نی یە ،بەڵکو هاوارە بۆ ژیان و نەمانی چەوسانەوەو کۆیلایەتی...

لەم خەباتەی دژ بە بوونی چینایەتی و زۆرداریەوەیە کە بزووتنەوەکەمان لە لوبنان، لە عێراق، لە فەرەنسا، لە کۆڵۆ مبیا، لە شیلی و لە ئێران... بۆ چەندیین ساڵە سەنگەری گرتووە و جار لەداوی جار هاوار ئەکات: **هەمووتان، واتە هەمووتان! بڕۆن بڕۆن! ئەچینەوە بۆ دەوام کە سیستەمەکەمان ڕووخاند!**

لێرەدا ئەم سووربوونە چینایەتی و ئینتەرناسیونالیستی و کۆمۆنیستیەی بزووتنەوەکەمان و خەباتە لێرەو لەوێکانی پێکەوە و بە هاو بەرژەوەندی و هەمان ئاراستە نیشان ئەدەیینو دووپاتی ئەکەیینەوە، دژ بە هەوڵەکانی دژە شۆڕش بۆ پەرتەوازەکردنمان و جیاوازی نانەوە لەناو ماندا! دژ بە هەوڵە کانی دوژمنەکەمان بۆ بە جۆراوجۆر نیشاندان و جیاکردنەوەی حکومەت و باڵە بۆرجوازیەکان لە یەکتری و لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و بەوپێیەش خەباتەکەمان وەک پابەندی ئەو جۆراو جۆر و جیاکاری یە، ئەمەش بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەکەمان، بۆ دابەشکردن و گێژ کردنی کرێکاران و بە کوشتدانیان بەیەکتری و قەڵەو بوونی دەسەڵاتی جیهانی سەرمایە لەسەریەوە.

هەروەها دژ بەو ئایدیۆلۆجیە سۆشیالیستی و عیلمانی و دیمۆکراسی .. یەی کە ئەم هەوڵانەی دوژمنەکەمان زاڵی کردووە لە ناو و بەسەر بزووتنەوەی پرۆلیتاریادا لە ناوچەکەدا ، کە بوو بە داردەستی دژە شۆڕش بۆ لەناوبردنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای لە ئێران 1977-1979 ، لە عێراق 1991 دا و ئێستاش ئەیەوێت هەمان شت بکاتەوە ، کە پرۆلیتاریایی لە خەباتدا، لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا، هەم بووە بە قوربانیی ئەم داردەستییەو هەم لە دوژمنایەتی کردنی نەوەستاوە...

بێ گومان بە بیانەکەوە ئەوە بە ئاشکرا دیارە کە هەوڵ ئەدات، بە هەندێ لاوازیەوە، (کە پەیوەندی بە کاریگەری مێژوویی سۆشیال دیمۆکراتەوە هەیە لە سەر پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا، وەک لەسەرەوە باسمان کرد)، وەک خەباتێکی چینایەتی و مرۆیی دژ بە نە بوونی و بێ ژیانی و زۆرداری ، لە لایەک و دەوڵەمەندی و سەروەرێتی و تاوانەکانی دەوڵەت لە لاکەی ترەوە، تەعبیر لە خەباتی پرۆلیتاریا لە ئێراندا بکات. ئێمەش لە هاوبەشیمان لەم خەباتە ئینتەرناسیونالیستیە چینایەتی و مرۆیی یەوە یەکە هەڵساویین بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانە و نووسراوەکانی تر...

ئەمەش **کورتەی بەیانەکە**

" ... ئاو و زەوی و زار بەشێکە لە مافەکانی ژیانمان. بەردەوامی دان بە ژیان مافی خۆمانە! ئێمە هاواری ئەوە ئەکەیین کە ئازادیمان ئەوێت... ئەم خەڵکە هیلاک و ژێردەستەیە ئەیانەوێت ئازاد بن لە دەست بەسەری و زاڵمەکان. خەڵکی ئەیانەوێت ئەم ڕژێمە بۆ گەن و زاڵمە بڕوخێنن. بە لایەنی کەمەوە. خەڵکی داوای ئەوە ئەکەن کە ئەم ڕژێمە بۆگەن و وێرانکەر و زاڵمانەیەی مەلاکان بڕوخێنن. ئەوانەی کە گوێ لە هاوارەکانی خەڵکی ناگرن، و ئەوانەشی کە چاوپۆشی لەم تاوانانە ئەکەن، ئەوانەش بەشداران لە تاوانەکانی ئەم قەسابانەدا!

هاوار ئەکەن" من تینووومە!"، بەڵام لەبری ئەوەی کە ئاوەکەیان بەنەوە ، کە مافی خۆیانە، جەرگ و دڵیان بە فیشەک کون کون ئەکرێت!

دەست لەوانە مەپارێزن کە تینوەکان ئەدەنە بەر گولە، ئەوانە هەر هەمان ئەو کەسە ئاینیانەنە کە خەریکی فرۆشتنی درۆ و دەلەسە ئایینیەکانن و پارەیەکی چاکیان کەڵەکە کردووە لە تینوو کردنی ئێمە ...!

ئەمانە بەرپرسن، بەرپرسن

دەستیان لێ مەپارێزن

شەقامەکان سوورن بە خوێنی ئەو کەسانەی کە هاوار و داوای ژیان ئەکەن و لە وەڵامدا جگە لە گولەباران کردن هیچی تریان پێ ناگات

گولەباران، گولە باران، گولە باران!

تا دوێنێ بۆمب بارانکردن و ساروخەکانی سەدام حوسییەن بوو؛ ئەمڕۆش زیندانی و دارکاری و گولەبارانکردنی ئایەتوڵا خامنەییە... هەمووشی بەسەر ئێمەدا هات و دژ بە ئێمە بووا ئەمانەمان تێ پەڕاند، بە قەتڵ و عامکردن و زیندانی ئەمانەمان بڕی، بەڵام ئێمە لێبووردنمان نی یە لەو تاوانانەی کە بەسەرمان هاتووەو بەسەرمان دێت و لە تاوانبارەکانی خۆش نابیین! لە تۆڵەسەندنەوەی مناڵەکانماندا،

خەبات ئەکەیین و لە جەنگداایین تا ئەم ڕژێمە خوێن مژە دڕندەیە سەرەونگوم ئەکەین! وە ئەوەش ئەزانیین **کە ئەم ڕاپەڕینە(ئینتفازەیە) بە شۆڕش کۆتاییی دێت**!
ئەم ڕاپەڕینە تەنها بەیەک شت کۆتاییی دێت، ئەویش بەدەست هێنانی ئازادی یە! ڕزگار بوونە لە دەسەڵاتی سەرمایەداری، دەسەڵاتی مەرکەزی، فاشیزم...، لەگەڵ دەست و دایەرەکانیاندا!
... ئێمە بێ زاو بووین و گەیشتۆتە بینەقاقامان ... بەدەست دابەشکردنی نا عادیلانەی سەروەت و سامان، بەدەست جیاکاری و دووبەرەکی نانەوەوە، بەدەست فیتنە نانەوەو گێژاوەکانی یەوە، بەدەست بۆگەنی و گەندەڵی یەوە!
تەنها یەک ئاواتیشمان هەیە، ئەویش ئاواتی ژیانە! ژیانێکی سادە. ئەو ژیانە سادەیەش واتای ئازادی و شایستەیی مرۆییی و عەدالەت و یەکسانی یە! واتای ئەوەیە کە وەڵامی " من تینوم" نابێت بە فیشەک بدرێتەوە! واتای لەناوبردنی ئەم جانەوەرەیە کە خۆی ناو ناوە کۆماری ئیسلامی.

S. A
21 July2021
Rajaei-Shar Prison in West Tehran